# شانۆنامەی (مێشەکان)

## «پێداچوونەوە و تێبینی»



**نەجاتی عەبدوڵلا**
**(فرەنسا)**

**بەرایی**

سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) لە پاریس دەستم بە وەرگێڕانی شانۆنامەی (مێشەکان)ی ژان- پۆل سارتر(١) کرد. دوای دوو ساڵ، وەرگێڕانی شانۆنامەکە تەواو بوو و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)یش بە چاپێکی جوان و بەکەمترین هەڵەی چاپ بڵاوی کردەوە. لەم کورتە وتارەدا دەمەوێ چەند تێبینی و پێداچوونەوەیێک لەبارەی شانۆنامەکەوە بخەمە بەرچاو بەو هیوایەی کەمێک سوودبەخش بێت.

ڕەنگە کەمێک سەیر بێت، وەرگێڕێک لەسەر کتێبەکەی خۆی بنووسێ، بەڵام بۆ نا؟ منیش وەکو هەموو خەڵکێکی دیکە هەقم هەیە لەسەر شانۆنامەکە بنووسم کە دوو ساڵی ڕەبەق وەرگێڕانەکەی ئازاری داوم. لەدوایین سەفەری ساڵی (٢٠٠٢)ی کوردستاندا، دەستنووسی وەرگێڕاوی شانۆنامەکەم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە کوردستان، خوا هەڵناگرێ دەزگای ئاراس و بەتایبەتی کەسی کاک بەدران ئەحمەد حەبیب زۆر جوامێرانە بە پیرمەوە هات و ئەرکی بڵاوکردنەوەی شانۆنامەکەی خستە ئەستۆی دەزگاکەی کە شایەنی هەموو ڕێزلێنانێکمە.

لەگەڵ وەرگێڕانی شانۆنامەکە، دەبوایە پێشەکییەک و فەرهەنگۆکێک بۆ زاراوە میتۆلۆژییەکان ئامادە بکەم، بەڵام بەداخەوە وام نەکرد، لەبەرچی؟ من خۆشم نازانم بۆ؟ بەهەرحاڵ ئێستە لێرەدا کە بڕیارم داوە کەمە هەڵەیەکی چاپ ڕاست بکەمەوە، ئەو دەرفەتە دەقۆزمەوەو کەمێک لەو کارەی کە دەبوایە سەرەتا بیکەم، ئەوا ئێستە بە درەنگەوە دەیکەم، بەهیوام جێگەیەک بگرێت.

«ئیدی لەمەو دوا، کاری شانۆیی دەکەم» بەم شێوەیە سارتر نامەکەی لەبەندییەکەی خۆیەوە بۆ سیمۆن دو بوڤوار نووسیوە. دوای ئەوەی سارتر لە ئاداری (١٩٤١)دا ئازاد دەبێت لە قوتابخانەی پاستۆر دەبێتە مامۆستا. جەنگ و دیلی سارتریان لە «ئەنارشیزمی دژە بۆرژوازییەوە» بەرەو ئیلتزام بوون برد. لەوە بەدوا سارتر لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووناکبیری فەرەنسی بڕیاری دا بچێتە ناو بازنەی بەرەنگاریبوونەوەی داگیرکەرانەوە. دوای جەژنی (پاکی- paques -١٩٤١) سارتر گرووپی بەرەنگاری ڕووناکبیرانی سۆسیالیزم و ئازادی پێکەوەنا. لەکاتی پشووی هاوینەدا لە خوارووی فەرەنسا ئەندرێ گیدو مالڕۆ دەبینێ، بەڵام نەیتوانی هیچ پێوەندییێک لەنێوان نووسەرانی ناوچە ئازادەکان و گرووپی ڕووناکبیرانی سۆسیالیزم و ئازادی دروست بکات، بەهەمان شێوە نەیتوانی لەگەڵ نووسەرە کۆمەنیستەکانیش هیچ پێوەندییەک دروست بکات. کۆمەنیستەکان دەمگۆی وایان بەدوای سارتر بڵاوکردەوە گوایە سارتر پیاوی ئەڵمانە بۆیە وا زوو ئازاد بووە. تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤١) سارتر بڕیاری دا



سارتر

گرووپی سۆسیالیزم و ئازادی هەڵبوەشێنێتەوە.

دوای شکستی گرووپی سۆسیالیزم و ئازادی، سارتر ڕووی کردە بوارێکی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوە، لەم کەش و هەوایەدا بوو کە وەک سیمۆن دو بوڤوار ئیشارەی پێداوە. سارتر لە (مێشەکان)دا بەتایبەت ڕووداوە سیاسییەکانی پێکاوە. سارتر لە ئابی ساڵی (١٩٤١) لە دوورگەی (iles fhyeres) دەستی بە نووسینی شانۆنامەکە کردووە و زۆر پێدەچێ لەمانگی ئایاری (١٩٤٢) تەواوی کردبێت. مێژووی لەچاپ تەواوبوونی کتێبەکە کانوونی یەکەمی (١٩٤٢)ی بەسەرەوەیە و لەنیسانی (١٩٤٣)دا کتێبەکە بڵاوکرایەوە. لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی، سارتر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم شانۆگەرییە دژ بە ڕژێمی ڤیشی و داگیرکردنی ئەڵمانیا نووسراوە. بەکارهێنانی ئەفسانەی میتۆلۆژیایی گریک، تەنیا سەرابێک بووە بۆ چاو هەڵخەڵەتاندنی سانسۆری ئاڵمان، بەم شێوەیە (مێشەکان) زادەی لە دایکبووی کەش و هەوای ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٣)ی فەرەنسایە، کەواتە ئامانجە سیاسییەکانی سارتر لەواقیعی سیاسی سەردەمەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام چۆن ئەم ئەفسانە کۆنە بۆ خوێندنەوەی پەیامی سەردەم بەکاربهێنرێ؟ سارتر بۆ خۆی کلیلە مەجازییەکان بەدەستەو دەدات.

«لە شانۆنامەکەمدا، خەڵکی ئارگۆس سومبولی میللەتی فەرەنسییەو ئۆرست-یش ئەم گرووپە چکۆلانەیە کە دژ بە ئەڵمانەکان خەبات دەکەن».

سارتر دوای ئەوەی لە پشووی هاوینەی (١٩٤١) گەڕایەوە پاریس، لە ڕێگەی ئەفسانەی (ئۆرست)ەوە دەستی کرد بە نووسینەوەی شانۆنامەی مێشەکان و خۆیی و سیمۆن دو بوڤوار لەکەش و هەوایەکی سیاسی گۆڕاوداو خۆیان لە پاریس بینییەوە. لە مانگی ئاب، ئەڵمانەکان تەقەیان لەخۆ پیشاندەرەکان کردبوو و ژمارەیەک پشێوی و ئاشووب ڕووی دا بوو و بەتایبەت یەکەمین دەستدرێژی بۆ سەر ئەندامەکانی (Wehr macht). بەمانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمیش هەر تێهەڵچوونەوە و خۆپیشاندان بوو. کۆتایی ئەیلوولی (١٩٤١) سەرکردایەتی سەربازی ئەڵمان ڕایگەیاند هەموو ئەو فەرەنسیانەی بەهۆی چالاکی کۆمەنیستی و ئەنارشیزمی گیراون، وەکو بارمتە حسێبان لەگەڵدا دەکرێ. لەمانگی ئەیلول، یەکەمین کۆمەڵەی بارمتەکان تیرباران کران. کۆتایی تشرینی یەکەم، دوای ئەوەی دوو هەڵمەتی چرووپڕ دژ بە فەرماندە باڵاکانی ئاڵمانەکان کراون، هێزی داگیرکاران دەستیان کرد بە تۆڵەسەندنەوە و چەوساندنەوەی خەڵک کە تا ئەودەم پاریس شتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو. بۆ هەر هێرشێ کردنە سەر ئاڵمانەکان (٥٠) بارمتە گوللەباران دەکرێن و (٥٠) بارمتەی دیکە سەربار حوکم دەدرێن، ئەگەر ئەوانەی کردەوەکانیان ئەنجام داوە، خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام وێڕای ئەم داپلۆسینەوانە، کەچی کردەوە «تیرۆریستییەکان» هەر بەردەوام بوون. سارتر شانۆنامەی (مێشەکان)ی بۆ پشتگیریکردنی وورەی بەرەنگاریبووەکان نووسیوە، جا ئایا تۆ بڵێی ئەمە لەڕووی ئەدەبییەوە قەرەبووکردنەوەی ئەو بەرەنگارییە بێت کە جورئەتی نەبوو لە واقیعدا بیکات؟

**بەرەنگاری ڕووناکبیران**

لە ساڵانی داگیرکردنی ئەڵماندا دەبوایە هەموو کارێکی ئەدەبی بە سانسۆری ئەڵمانداتێپەڕببێ. لەبارەی ئەوەی چۆن ئەم شانۆنامەیە بڵاوکرایەوە، سارتر خۆی ساڵی (١٩٥٩) بۆ Clandin Chozez نووسیوە:

[....] ئەگەر شانۆنامەکە پێشکەش بە سانسۆری ئەڵمان کرا، دوای ئەوەی لەلایەن کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران گفتوگۆی لەسەرکرا کە تێیدا بڕیاریان دا شانۆ نامەکە پێشکەش بکرێ، چونکە شانۆگەرییەکە یاریدەی نەهێشتنی درۆ دەنگی خەڵک دەدات، وێڕای ئەوەش کە ناتوانێ جگە لەوەی لەژێر پەردەوە ڕاستییەکان بەدەربخات».

کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران Comite Nalional des Ecrivans کۆمەڵەی ئەو نووسەرە بەرەنگاربوانە بوو کە لەبەرەی نەتەوەییدا کاریان دەکرد. وێڕای ئەوەی کە سەرۆکایەتی کۆمیتەکە کۆمۆنیست بوو، کەچی لەهاوینی (١٩٤١) توانیبووی هەموو نووسەرانی باوەڕ جیاجیا لەخۆی کۆبکاتەوە دژ بە فاشیزم. لەسەرەتای ساڵی (١٩٤٣) ڕووناکبیرە کۆمەنیستەکان بەتایبەتی فرانسوا بیلوو پێشنیاری بۆ سارتر کرد بچێتە ناو کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران. سارتر لەکانوونی دووەمی-١٩٤٣ دەچێتە ناو (C.N.E) و لەمە بەدوا بەشداری لە هەموو کۆبوونەوە

نهێنییەکانی کۆمیتە دەکات و چەندین گوتار بۆ گۆڤاری ئەدەبی فەرەنسی (بەنهێنی) ئۆرگانی کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران دەنووسێ.

دوای لەسێدارەدانی Tacques Decour، دامەزرێنەری گۆڤاری ئەدەبی فەرەنسی و گیرانی Jean Paulhan، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران، لە تەمووزی-١٩٤٤ سارترو سیمۆن دو بوڤوار بۆ خۆوەدوورگرتن لە گرتن ماڵ دەگۆڕن و تا کەمێک بەر لە ئازادی پاریس ناگەڕێنەوە. دەبێ بڵێین سارتر لە هەمان کاتدا ئەندامی کۆمیتەی نهێنی نەتەوەیی شانۆش بوو کە بەگشتی دووسەد کەسی بەخۆوە گرتبوو. کەوابوو وەختایەک لە بەهاری-١٩٤٣ (Dullin) شانۆنامەی مێشەکانی پێشکەش کرد سارتر ئەندامی دوو ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی نهێنی ڕووناکبیران بوو.

## مێشەکان

سارتر لە شانۆنامەی (مێشەکان)دا لەکلاو ڕۆژنەی میتۆلۆژیای گریکەوە وەکو تەمتومانێکی ڕەمزی، بەڵام بەزمانێکی یەکجار بەرزی ئەدەبی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی خۆی پیادە دەکات و دەیەوێ خەڵک لەکۆت و داوی دابونەریتە سەپێنراوەکانی کۆمەڵگە داپچڕێنێ و مرۆ لەکەناری خورافاتەوە بەرەو ئازادی ڕۆح ببات. مێشەکان تێکشکانی تابووەکانی کۆمەڵ و ململانێیە لەگەڵ هێزە ئاسمانییە نەبینراوەکان. ئۆرست پاڵەوانی شانۆنامەکە دەیەوێ مرۆ لە کەناری گومان و دەسەڵاتە نەگۆڕەکانی کۆمەڵ ئازاد بکات و ڕەشە خەڵکەکە بەرەو کەناری سەرفرازی و ئازادی کەسی بگوازێتەوە. مێشەکان ساڵی (١٩٤١) لە کەش و هەوای ساڵانی داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ فەرەنسا نووسراوە، مێشەکان سومبلی ڕزگاربوونی نەتەوەیەک لەدەست ملهوڕی کە فەرەنسایە. ئۆرست لەشانۆنامەکەدا وەکو پاڵەوانی ئازادی تەواو هۆشیارە بەرامبەر بەوەی دادپەروەری بهێنێتە ئاراوە و دوای ئەوەی ئێگست دەکوژێ، نایەوێ خۆی حوکم بکات و دەروازەی ژیانێکی نامۆ، بەڵام ئازاد بۆ خەڵکەکە والا دەکات و سێبەری ئەم پرسیارە بەمێشکی خوێنەر جێ دەهێڵێ، بۆ دەبێ مرۆ خۆی خاوەنی ئازادی خۆی نەبێت؟

لە خوێندنەوەی مێشەکان تێدەگەین مرۆ لای سارتر بوونەوەرێکی مردوو و دەستەپاچە نییە، بوونەوەرێک نییە بڕیارەکانی ژیانی لە سەرەوە بۆ درابێ، بەڵکو مرۆ ئەو بوونەوەرەیە کە لەگەڵ هێزەکانی ئەو دیو سروشت بۆ سبەینێیەکی ئازادو ئیرادەی هیچ کەس بەسەر نەسەپێنراو ململانێ دەکات.

دواجار، ئەم شانۆنامەیە، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هێمن و قووڵە، خوێندنەوەیەک کە دەشێ وەڵامی زۆر پرسیار و سێبەری زۆر تێڕامان و ڕوانینی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، ڕوانینێک بۆ ژیان و جورئەتێک بۆ بیرکردنەوەی جیاواز. ڕەنگە لە ڕاستیش دوورنەکەوینەوە ئەگەر بڵێین حاڵەتە ڕۆحییەکانی فەرەنسای ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٤)ی ژێر حوکمی ملهوڕی ئەڵمانیای نازی، لەڕووی فەزای فاشستییەوە جۆرە نیزیکییەکی زۆریان هەبێ لە حوکمی داگیرکردنی بەعسی بۆ کوردستان و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو ئێمە ئەم شانۆنامەیەمان کردە کوردی.

## فەرهەنگۆکی بڕێک لەناوە میتۆلۆژییەکانی ناو شانۆنامەکە

١- ئەگامنوونی: لەمیتۆلۆژیای گریک و لاتین پاڵەوانی جەنگی Troie. ئەگامنوون سەرکردەی گریک بەرەو ئاسیای ناوەڕاست دەچێ تا هێلینی جوان بۆ Troyens بگەڕێنێتەوە. شەڕی تەراودە لەسەرهێلین بەرپا دەبێ. وا ڕێک دەکەوێ ئەگامنوون لەم شەڕەدا ساغ و سەلامەت دەگەڕێتەوە بۆ (Mycenes) لەکاتی لە ماڵنەبوونی ئەگامنوون-دا، خێزانەکەی کلیتمنستر حەز لە ئێگست دەکات و هەرکە ئەگامنوون لەکەژاوەکەی دادەبەزێ و پێ دەنێتە ناو کۆشک، بەشێوەیەکی زۆر وەحشیانە لەلایەن ئێگست و کلیتمنسترەو سەری دەبڕن.

٢- ئێلکتر: لەمیتۆلۆژیای گریکدا، کچی ئەگامنوون و کلیتمنسترە، خوشکی ئۆرست، ئیڤگینی و (Chrysothemis)ە. لەکاتی جەنگی (Troie) دایکی ناچاری دەکات شوو بە جووتیارێکی سادە بکات. لەکاتی کوشتنی باوکی، لەگەڵ ئۆرست دەتوانێ ڕابکات و دواتر تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.

٣- کلیتمنستر: خێزان و بکوژی پاشا ئەگامنوونە. وەختایەک ئەگامنوون وەکو سەرکردەی هەموو پاشایەکانی گریک دەچێتە (Troie) بۆ ئەوەی (هێلین- Helene) بۆ (Troyens) بگەڕێنێتەوە. لەم ماوەیەدا کە ئەگامنوون لەماڵ نابێت، خێزانەکەی کلیتمنستر گراوێک بۆ خۆی دەگرێ. وەختایەک ئەگامنوون لە شەڕی (Troie) دەگەڕێتەوە، کلیتمنستری خێزانی و ئێگستی گراوی کلیتمنستر هەڵدەکوتنە سەری و دەیکوژن. شاعیرانی کلاسیکی ئەو سەردەمە زۆر تراژیدیانە ئەم بەسەرهاتە دەگێرنەوە.

٤- ئێگست: لەئەنجامی کاری ناشەرعی (Thyeste) لەگەڵ کچەکەی (Pelopia) لەدایک بووە کە منداڵەکەی واز لێدەهێنێ و دەیداتە بزنەوانەکان. Atreeی مامی

(برای Thyeste) Pelopia دەخوازێ و ئێگست گەورە دەکات و داوای لێدەکاتی باوکی بکوژێ. وەختایەک ئێگست سەربوردەکە دەزانێ سەری Atree دەبڕێ و حوکمڕانی Mycenes بەدەستەوە دەگرێ تاوەکو ئەگامنوونی کوڕی Atree حوکمڕانی Mycenesی لەدەست دەهێنێتە دەر.

لەکاتی جەنگی (Troie)، ئێگست دەسەلات بەدەستەوە دەگرێ و لە گەڕانەوەی ئەگامنوون، سەری دەبڕێ، حەوت ساڵان دواتر ئۆرستر کوڕی ئەگامنوون، ئێگست و کلیتمنستر دەکوژێتەوە.

٥- ئێرینییەکانی Erinyes: خوای جیهانی دۆزەخن. سێ کچی Nuit و Cronos-ن. لەژێر زەوی دەژین و دێنە سەر زەوی بۆ ڕاونانی تاوانباران. پرچیان بە ماران لوولدراوەو چاوەکانیان فرمێسکی خوێناویان لێدێت. ڕەدووی ئۆرستی بکوژی کلیتمنستر دەکەون.

## هەڵەکانی چاپ

لە هەموو شانۆنامەکەدا چەند هەڵەیەکی زۆر کەمی چاپی تێکەوتووە کە حەز دەکەم ڕاستیان بکەمەوە.

* لاپەڕە ٦: دێڕی ١٩: (هەرگیز ئورستیان نەبینیبێ) ڕاستییەکەی (هەرگیز تورستیان نەبینیبێ).

* لاپەڕە ٨١ - دێڕی ١٥: (ئێلکتر من پەشیمانم لەوەی کردم) ڕاستییەکەی (ئێلکتر من پەشیمان نیم لەوەی کردم).

* لاپەڕە ٨٦- دێڕی ١٥: (من دەمەوێ خامۆش بگرم) ڕاسییەکەی (من دەمەوێ خەمۆش بگرم).

* لاپەڕە ١٠٥ دێڕی دوایی (پەروەردەکار ژوورەوە) ڕاستییەکەی (پەروەردەگار دێتە ژوورەوە).

* لاپەڕە ١٠٦- دێڕی ١٠: (هەوڵمدە لێم نزیکبکەویتەوە، دەنا ئەم تەواو بەزیندوویی هەڵتەدەزرێنن) ڕاستییەکەی (هەوڵمدە لێم نزیکبەویتەوە دەنا تەواو بە زیندوویی هەڵتدەزرێنن).

## هەڵەیەک بۆ گەردنی خۆم

کاتێک دەستنووسە کوردییەکەی شانۆنامەی (مێشەکان)م دا بە دەزگای ئاراس، لەگەڵ دەستنووسە کوردییەکە، دانەیەکی کتێبە فەرەنسییەکەم لا بوو و دام بە کاک بەدران. گوتم با لای ئێوە بێت. من لە بیرم چووبوو بە برادەرانی دەزگای ئاراس بڵێم کەوا ئەم کتێبە فەرەنسییە تەنیا شانۆنامەی (مێشەکان) نییە، بەڵکو هەردوو شانۆنامەی (مێشەکان) و (دەرگا داخراوەکان)ە بەیەکەوە. بەم چەشنە بەرگی سەرشانۆنامە فەرەنسییەکە، تابلۆیەکی شانۆی (دەرگا داخراوەکان)ی لەسەرە، بۆیە بە هەڵە ئەم دیمەنەی سەر بەرگی شانۆنامەی (مێشەکان)ی چاپە کوردییەکە دیمەنێکی شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)ی سارترە نەک (مێشەکان)، ئەوە ڕەنگە ئەم هەڵەیە زێتر گەردنی خۆم بگرێتەوە، بەڵام وا دەبێ شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)یش بکەم بە کوردی و لەپای ئەم هەڵەیەوە لەگەڵ شانۆنامەی مێشەکان بەیەکەوە بڵاوی بکەینەوە هەروەکو چاپە فەرەنسییەکە، ئەمە وەعدێکە لە منەوە ئەگەر عومری شیرین باقی بێت.. ❖

## پەراوێزەکان

..........

**١- لە زمانی فەرەنسیدا (سارتر)ە نەک سارتەر، بەڵام ئەوە لە زمانی کوردیدا وا ڕۆیشتووە.**

**٢- تەواوی زانیارییەکانی ئەم وتارە لەم کتێبە فەرەنسییەوە وەرگیراون:**

**Ingrid Galster, Le Theatre de Jean-Paul Sartre devant ses Premiers Crihqnes, edihons Jean- Midel Place, 1986.**